فەلسەفەی نوێ
لە ئەوروپا



21823

د. حەمید عزیز

هەولێر / ٢٠١١

Preview sample - page 1 of 5 - Soran University Academic Digital Library

فەلسەفەی نوێ
لە ئەورووپا
نووسینی: **دکتۆر حەمید عەزیز**
دەرهێنانی ناوەوەو بەرگ : باوکی کارژین
هەولێر- کوردستان ٢٠١٢
تیراژ : (٢٠٠٠) دانە
قەبارە: ١٧×٢٤ – ٣٦٤لاپەرە
نرخ (٦٠٠٠) **دینار**
لە بەڕێوەبەرایەتی کشتی کتێبخانە گشتیەکان
ژمارەی سپاردن(١٠١١) ساڵی ٢٠١١
شوێنی چاپ: **چاپخانەی رۆژهەڵات ـ هەولێر**

لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی ئاوێر/هەولێر- ژمارە (٦٢)

Preview sample - page 2 of 5 - Soran University Academic Digital Library

●

●

●

ناوەرۆک

١_ پێشەکی : .....

٢_ رەهەندی ئایبەتمەندییەکانی فەلسەفەی نوێ .....

٣_ پێشەنگە فرە رەنگییەکانی فەلسەفەی نوێ .....

٤_ سەرەتای رێبازی لیبرالیەت و ئیمپریزم لە .....

فەلسەفەی مۆدێرن دا : بیکۆن ، هۆبز .....

٥_ رێنێ دیکارت : رابەری فەلسەفەی نوێ .....

٦_ باروخ دو سپینوزا : فەلسەفەی یەکڕەنگی ڕەب و سروشت .....

٧_ گوتفرید ڤێلهێلم لایبنیتس : فەلسەفەی مۆناد و بەهرەی رەبیانی .....

٨_ فەلسەفەی بزوتنەوەی رۆشنگەری لە ئەورووپا : ئینگلیز، فەرەنسا ، ئەڵمان .

٩_ رەهەندەکانی فەلسەفەی ئەزموونی ئینگلیز : جۆن لۆک .....

١٠_ جۆرج بێرکلی : بوون پەی پێ بردنە .....

١١_ دێڤید هیوم : فەلسەفەی ئەگەری رێبازی هۆیەکی .....

١٢_ ئیمانوێیل کانت : رابەری فەلسەفەی ترانسندێنتالی .....

١٣_ هیگڵ : فەلسەفەی ئایدیالیستی ڕەها .....

Preview sample - page 3 of 5 - Soran University Academic Digital Library

پێشەکی :

١ـ فەلسەفەی نوێ ، مەبەست لەو فەلسەفەیە کە لەگەڵ کۆتایی هاتنی کولتوری سەردەمی سەدەکانی ناوەڕاستەوە دەست پێ دەکات ، رووداوی داگیرکردنی باژێری کۆستەنتۆپۆلی یۆنانی سالی (١٤٥٣ز) لەلایەن عوسمانلیەکانەوە ، کە دواتر ناوی ئیسلام بوولی و ئینجا ئیسلام بوولی لێ نراوە ، بەدەستپێکی نەو قۆناغە دانراوە کە کراوە بە بابەتی نەو نووسینەمان. کۆچی دوایی سوارچاکی گۆڕەپانی فەلسەفەی نەڵمان ، رابەرو دامێنەری ئایدیالیزمی ڕەها هیگڵی گەورەو مەزن کۆتایی بەقۆناغە هێناوە. کەوابوو نەو فەلسەفەیە بریتیە لەبەرهەمی خامە ڕەنگینەکەی نەو فەیلەسوف و هزرمەندانەی لەنێوان رێنێسانس و هەرەسهێنانی فەلسەفەی ئایدیالیستی نەڵمان لەسالی (١٨٣١ز) دا چالاك و دەستبەکاربوون. نەو قۆناغە تایبەتمەندی خۆی هەبووە کەلەفەلسەفەی پێش خۆیی و دواتر جیای کردۆتەوەو شایستەی نەوە بووە ناوی «نوێ» ی پێ ببەخشرێ.

لەچوارچێوەی فەلسەفەی نوێدا ، هیچ گومان هەڵناگرێ کە نەویش بەرهەمی مێشکی مرۆڤی نەوروپاو دامێنانی نەوان خۆیانە ، بەردی بناغەی نەو تەلارە لوت لەهەور هەڵوە دانراوە کە هەموو لقەکانی کولتوری مرۆڤایەتی هەر لەفەلسەفەوە تاوەکو ئابووری ، سیاسەت ، زانستە کۆمەڵایەتی (سۆسیۆلۆجی) بیرکاری و زانست بە هەموو لقەکانیەوە گرتۆتە خۆ.

هەر نەو فەیلەسوفانە بوون دڵێرانە سنوورێکیان بۆ دەسەڵاتی هەموو شتێك بەزێنی کڵێسەی زەبرو زەنگ بەدەستی مەسیحی داناوەو بەوشێوەیەی نەمرۆ دەستەمۆیان کردووە. دوور نازۆین نەگەر بڵێین گەورەترین هەنگاوێك کە فەیلەسوف و هزرمەندان لەو مەیدانەدا هەڵیان گرتوەو مرۆڤایەتی (زەوتکراوی مرۆڤیان) جارێکی دی ئازاد کردۆتەوە

Preview sample - page 4 of 5 - Soran University Academic Digital Library

بەوەی ئایین و سیاسەت لەیەکتری جیاکراونەتەوە. هەر ئەوان بوون ، شان بەشانی هەلومەرجە هەمە جۆرە لەئارادابووەکانی فەرەنسا ، بوونەتە مایەی هەلگیرسانی شۆرشی موعجیزە ئامێزی ساڵی (١٧٨٩ز) لەشاری پاریس و هەرسێ دروشمی مرۆڤ سەروەریی ئازادی ، برایەتی ، یەکسانیان راگەیاندووە !.

٢_ ئەگەرچی لەسەردەمی هیگڵی مەزنەوە دێکارتی فەرەنسایی بەرابەری فەلسەفەی نوێ دادەنرێ چونکە بە پێچەوانەی فەیلەسوفەکانی سەدەکانی ناوەراستەوە گەڕاوەتەوە سەر مرۆڤ هزروبیری تاکەکەسی کردوە بە بنەماو ئەنجامی شۆرش ئامێزی لێ خستۆتەوە !.

گەڕانەوە بۆ سەر مرۆڤ و، پشت گوێ خستنی جیهاندیدی رەش بین و تەم و مژاوی کڵێسەی مەسیحی ئەوسای ئەورووپا ، لە گۆڕەپانی فەلسەفەی ئەو سەردەمەدا ، لە خۆیدا هەنگاوێکی بوێرانە بووە لە دوو بەرەدا سنووری باوی ڕەنگ بۆ ڕێژدراوی بەزاندووە :

یەکەم : بەهەند نەگرتنی پەیڕەوەکانی تەوراتی موساو ئینجیلی مەسیحی و پەیامی باوکانی کڵێسە و دۆگمی ئایینی سەردەم.

دووەم : شکاندنی پیرۆزیی بۆچوونەکانی بۆماوە لەسەردەمی یۆنانەوە کە وەک (بووت) یان لێ هاتبوو بەتایبەتی ئەرستۆ، کە نەدەبوو لە شکۆو هەیبەتی کەم بکرێتەوە. دێکارت بوێرانە سنووری جیهاندیدی ئەرستۆی بەزاندوە ئەوی بە ڕوون و ناشکرایی بۆیی ساغ نەبووبێتەوە خستوبەتیە لاوە

٣_ لەفەلسەفەی نوێدا دیاردەیەک سەرنج ڕادەکێشێ ئەو بۆچوونە لە مێشک و ناخدا وێنا دەکات کە قسەکەی هیگڵ ڕاست بێت و بە شێوازی دیالێکتیکی پەرەی سەندبێ ، لە تێزەوە بۆ دژە تێزەو ئینجا لەهەردووکیان سونتێزە کەوتبێتەوە :

_ فەلسەفە بە ڕێبازی ئەزموونی لەلایەن ئینگلیزەکانەوە دەستی پێ کردوە، پەنابراوەتە بەر داتای هەستەکان و تاقیکردنەوە، ئەو پرۆسەیە بەرەنگاری ڕێبازی ژیرەکی دیکارت و لایەنگیرو بەدوا داهاتووانی بۆتەوە بەتایبەتی : سپینۆزا و لایبنیتس، ئینجا لەهەردووکیان ڕێبازی ترانسندێنتی ئیمانوێیل کانتی ئەڵەمان هاتۆتە کایەوە.

Preview sample - page 5 of 5 - Soran University Academic Digital Library